# شەهیدانی پووچەڵکردنەوەی پیلان

ئامادەکردنی / لیژنەی هاوبەشی چلەی شەهیدانی ٢٨ ی تەمموز / فەرهاد هەمزە محەمەد ، لوقمان کاکەیی

## گەشانەوە لەبەردەم دەرگاکانی ئازادی

مرۆڤێك لەناكاو گوڵە بەهەشتیەکانی عەشق بۆن دەکات‌و ڕێگایەکی ئەبەدی دەگرێتە بەر، پڕە لە کرێوەی ووشە، پڕە لە ناسینەوەی ڕۆشنایی، پڕ لە نەعرەتەی ڕەواتر لە شیری دایك، مرۆڤێك لە ناكاو وەك پڵنگێك لەرۆحی خەمگینی مردووەکان دێتە دەرێ‌و دارستانی هێناوەتە ناو خوێنی ئێمە، ئەوەتا بە چاوی عاشقانەی خۆی تەماشای هەموو مەخلوقات دەکات، ژیانی بووە بە نیگاکردن لە ڕەشەبا بووە بە بۆنکردنێکی بێ کۆتایی بەکێڵگەو ئەستێرەوە، بووە بە بیرکردنەوەی بێ وچان لە نێچیری بەیانی. ئێوە هاتن‌و لە بەیانیەکی تووڕەی ئەم شارەدا، بەیانیەك شەڵالی ئارەق‌وخوێن، بەیانیەك تووڕە وەك شمشێرەکانی بەردەم حەقیقەت، ئێوە هاتن‌و گەورەو بچوك، کرێکارو مامۆستا،خوێندکارو قوتابی، کوڕو کچ، ژن‌و پیاو، ڕەش‌و سپی، لە گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانی باخچەی ئەم شارە، لە ڕووناکیدا ڕۆژێکی نوێتان بۆ دروست کردین، چەکوشی ئێوە ڕووناکی ڕاست کردەوە، ئێوە هاتن‌و وەك خنکاوێك لە مردن ڕاست بوونەوە، بەرچایی خۆتان بردە سەر بورکانەکان، وەك گەردەلولێك سەری خۆتان کێشا بە تریفەدا، ئێوە گوڵتان لەسەر ئاگر ڕوواندو وتتان میانەی نێوان ئێمەو شمشێرەکان، غەزەلی دەریایەکە، هەناسەی گوڵە مێخەکێکە، ئێوە هاتن‌و بەیانی لە دەرگا بچوکەکانی ئازادییەوە گێلاسەکانی هەتاو لەم سەبەتەی تەنیاییەدا بتەکێنن ئێوە پێتان ووتین بەدوای دەرگاکانی ڕۆشناییدا بۆ ئازادی بگەڕێن، لە گوللەو نارنجۆکی مردن سڵ مەکەنەوە، تا پشکۆی تەنیاییە پیرەکان دەگەشێتەوە، تا گوزەر بکات، تا مەودای نێوان خۆشەویستەکان بچوك بێتەوە، سڵاو لە هەر کوژراوێکی سپی بە کفنی ئەرخەوانیەوە، سڵاو لەو گوڵە مێلاقانەی لەبەر ڕێژنەی گوللەدا کوژرانەوە، سڵاو لەو جەستە کێڵگەییانەی لەبەر باراندا سەمایان دەکردو مەملەکەتێکی ئەرخەوانیان بۆ ئێمە بە جێ هێشت، لەوانەی لە خۆڵباراندا گۆرانیان دەوت‌و لەسەر لم شیعریان دەنوسی.




١- شەهید سەرکەوت محمد ئەمین



٢- شەهید نەورۆز نازم ڕەشید



٣- شەهید رزگار فتح الله صدیق عارف




٤- شەهید نەجات محمود ئەحمەد



٥- شەهید حوسێن عەلی حەسەن



٦- شەهید فرود مەجید حەمید



٧- شەهید ( نەجاتی جەمیل شەریف )



٨- شەهید خالد حمە شەریف



٩- شەهید عەباس عومەر مەولود



١٠- شەهید هاوکار تەیفور عبدالغفور



١١- شەهید مژدە یاسین حوسێن



١٢- شەهید گۆران خورشید ئەحمەد



١٣- شەهید فلاح داود صالح



١٤- شەهید گەرمیان ئەنوەر ئەمین جەباری



١٥- شەهید نەوزاد لەتیف علی فەرەج زەنگنە




١٦- شەهید احمد تاهر جبار



١٧- شەهید سیروان هیدایەت نجم الدین




١٨- شەهید نەشمیل محمد کریم



١٩- شەهید احمد محمد حسین



٢٠- شەهید نەجات شکور خەلیفە



٢١- شەهید ئیدریس لەتیف محمد



٢٢- شەهید حاتم کریم محمد



٢٣- شەهید بەختیار حوسێن تاهیر



٢٤- شەهید بەختیار کەریم تاهیر